# کورد لە نیگای سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانیدا

**(لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی مەغۆلییەوە تا ڕووخانی دەوڵەتی ئاق قویونلو)**
**(٦٥٦ - ٩١٤کۆچی/ ١٢٥٧-١٥٠٨زایینی)**

**د. ڕابیعە فەتاح شێخ محەمەد**
**(زانکۆی سەلاحەددین- بەشی مێژوو/ کۆلیژی ئەدەبیات)**

**(٢- ٢)**

**٣- پەرەسەندنی چەمکی کەسایەتیی کوردی**

لەگەڵ ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسیدا، لە ڕووی سیاسییەوە، سنوورەکانی ئێران بەرەو بەر لە ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی چوونەوە، ئەگەر زمانی فارسی لە سەردەمی مەرکەزیەتی عەرەبی ئیسلامیدا گەشەی بەرچاوی بەخۆوە دی، دوای ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی هەردوو باری زمان و سیاسەت توانییان بەیەکەوە پایەکانی کولتووری ئێرانی بەرز ڕابگرن.

ڕاستییەکەی ئەو چەمکانەی ڕۆڵی بەرچاویان لە دروستکردنی وێنەی کورد هەبووە، زۆربەی زۆریان لە ڕواڵەتە کۆمەڵایەتییەکان وەرگیراون، هەر ئەمەش ڕەسمی کەسایەتیی کوردی کردووە، چونکە ئەو ڕواڵەتانە دواجار لە کولتووری ئێرانیدا ئینتیمای کوردیان نیشان داوە.

ئینتیمابوون بۆ کۆمەڵێک واتا دابەش بووە، ئەو واتایانەش ڕوانگەی ئەوان لەبارەی سەیرکردنی دنیاوە ڕەسم کردووە، لەبەر ئەوە جیهانبینی ئەوان و ڕێبازیان مامەڵەی لەگەڵ خود و ئەوی دیکە و سروشتیان دیاری کردووە، بە شێوازێکی جودا لەگەڵ گرووپ، یان کۆمەڵێکی دیکە جووڵاونەتەوە (شوقی جلال: ١٩٩٧، ١٠).

سەرەتا واتای کەسایەتیی کوردیش هەر لەژێر چیرۆکی زوحاکەوە بەرهەم هاتووە، کورد

ئەو گرووپەن بەهۆی وەزیر، یان چێشتلێنەر ڕزگاریان بووە، دواتر چوونەتە کێو و دەشت، لەبەر ئەوە لە پلەبەندی کۆمەڵایەتییەوە کورد قەرزاربارى کەسێکی دیکەیە، بە واتا لە پلەی خوارتری ئەو کەسەیە و کۆمەڵێک ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی هەن کوردیان پێ ناسراوەتەوە.

لە سەردەمی مەغۆلیدا لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی بەهێز بووە، لە کولتووری ئێرانیدا لە بارەی کەسایەتیی کورد هەر کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی برەوی هەبوو، بە واتا یەک ڕوانین بۆ کورد لە ئارادا بووە، کورد کەسێکی چیانشین و چادرنشین و کەم بیر و ڕێگرە، ئەم خاسڵەتانەش بۆ گرووپێکی وەک کورد نێگەتیڤن، لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی سیاسی کورد کەناڵەکانی لەگەڵ دەوڵەتی مەغۆلی لاواز بووە، تاڕادەی ئەوەی کورد موعارەزە (ئۆپۆزسیۆن) بووە، سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانی ڕاستەوخۆ ڕوانینی دەسەڵاتدارانی مەغۆلیان لەبارەی کوردەوە دەرنەبڕیوە، بەڵام ئاماژەی زۆریان پێ داون، کە دەبێ مەغۆل کورد و ناوچە کوردییەکان پاک بکەنەوە، ئەو ناوچانە جێگەی دڵنەوایی و ئارامی نین و بەلای دەسەڵاتدارانی مەغۆلەوە دەبێ بخرێنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەوە (همدانی: ١٣٧٤، ٦٨٦- ٦٨٧، ٧٠٥- ٧٠٧)، ئەگەر بە دوای ڕوانینی تەواوی سوڵتانی مەغۆلی بڕوانین و بزانین لەبارەی کوردەوە چ ڕوانگەیەکی هەبووە، دەبێ بۆ ململانێی سوڵتان ئەحمەد تەکۆدار کوڕی هۆلاکۆ (٦٨٠- ٦٨٣ک/ ١٢٨١- ١٢٨٤ز) لەگەڵ سوڵتان ئەرغۆن کوڕی ئەباقا کوڕی هۆلاکۆ بگەڕێینەوە، کە سوڵتان (تەکۆدار) ئیسلامبوونی خۆی ڕاگەیاندووە و ویستوویەتی لە ڕووی سیاسییەوە بەرەو دراوسێکان ڕێبازێکی کرانەوە پەیڕەو بکا، ئەرغۆنی برازای دژی وەستاوەتەوەو گوتوویەتی:

(مامی ئەحمەد تەکۆدار ئیسلامبوونی خۆی ڕاگەیاندووە و دوور لەوەی جەنگیزخانی بنیادناوە و بە دوای کوردان کەوتووە و دەیەوێ زەویوزاریان پێ بدا و وڵاتی تەتەریان بداتێ و مەزنایەتیی خاقان شونبزر کا) (الدواداری: ١٩٧١، ٢٦٤. ابن الفرات: ١٩٣٩، ٨/٣).

ڕاستییەکەی ئەو گوتارە لە سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانی سەردەمی مەغۆلی ئیلخانی بەو جۆرە بەرچاو ناکەوێ، ئەمەش پێگەی کوردمان وەک کەسایەتی لە کۆنتێکستی دەسەڵاتی مەغۆلی نیشان داوە، بەر لە هەموو شتێ کورد بە گشتی دژی دەوڵەتی مەغۆلی بووە، توێژەرێک پێی وایە نەفرەت لە دەوڵەتی مەرکەزی یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی زەینییەتی سیاسیی کورد، چونکە ناتوانێ لەژێر دەسەڵاتی مەرکەزی ئۆقرە بگرێ، نابێ لەو بارەشەوە سێیانەی (چیا، شوانکارەیی، خێڵ) لەبیر بکرێ (احمد: ٢٠١٣، ب ١٥٧). لێرەدا ڕێگە نادرێ بێجگە لە کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی کورد، هیچ کەسایەتییەکی دیکەی لە ئارادا هەبێ، هەر ئەمەشە وای کردووە بەشداری و نوێنەرایەتیی کورد لە سەردەمی مەغۆلیدا لە ڕووی سیاسییەوە پەیدا نەبێ و کەناڵی پێوەندیی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی لاواز بێ و دواجار سیاسەتمەداران نزمتر لە کوردیان ڕوانیوە.

لەو گوتارەی سوڵتان ئەرغۆندا دەردەکەوێ، کورد بەلای ئیسلامەوەیە و دژی مەزنایەتیی مەغۆلە و زەویوزاریان نییە و لەنێو کێوە سەختەکاندان و ئەوان بە دوای ئەوەوەن گەورەیی مەغۆل بزرکەن، لەبەر ئەوە لە سەردەمی دەوڵەتی مەرکەزیدا لەسەر ئاستی باڵا کورد بەو شێوەیە ناسێنراوە، کە دوورە لە بەشداریی

سیاسی و تەنیا یەک کەسایەتیی ناسێنراوە، ئەویش ئەو وێنەیەی ڕواڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی دروستی کردوون. بەجۆرێ کورد بۆ سەر دەوڵەتی مەرکەزی جێگەی نیگەرانی بووە، ئەمەش ئەو هاوکێشەیەیە کە کورد لە پەراوێزدایە و دەستەبژێری کولتووری ئێرانی بە گوێرەی داواکارییەکانی مەرکەز باسیان لە کەسایەتیی کورد کردووە.

وجوودی کورد لە زەینییەتی کولتووری ئێرانیدا تەنیا وێنەی کۆمەڵایەتیی کورد بووە، کورد هەرچی دیکەی هەبووە لە دەرەوەی بازنەی کولتووری ئێرانیدا بووە، ئەو ڕوانینەش تا مانی دەوڵەتی مەرکەزی لە گۆڕەپانەکەدا تەنیا ڕوانین بووە، دواتر لەگەڵ لێکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتی مەرکەزی کولتووری ئێرانی گوشارەکانی لەسەر کورد گۆڕیوە و باسی کەسایەتیی سیاسیی کوردیشی هێناوەتە پێشەوە، کەواتە لەگەڵ ئەوەی باسی کەسایەتیی کۆمەڵایەتی لە ئارادا بووە، لە سەردەمی نامەرکەزیدا کەسایەتیی سیاسیی کوردیش لەو بازنەیەدا ڕۆڵی گێڕاوە.

بێگومان دەوڵەتی ئەیووبی ڕۆڵی بەسەر کورد و خێڵەکانیانەوە هەبووە، کاشانی مێژوونووسی دەرباری مەغۆلی لە باسی کەسایەتیی شێرکۆ و سەلاحەددین (برازای) کە دەوڵەتی فاتمییان لەناوبرد، لەوە دواوە کە شێرکۆ پیاوێکی خوێنمژ بووە و سەلاحەددینیش هەروا، هەرچەندە خەلیفەی فاتمی شێرکۆی سەرکردەی لە ژەهرخواردن ئاگادار کردەوە، کەچی ئەو دوو کوردە ناهەقییان بەو بنەماڵەیە کرد (١٣٨٤، ١٢٧، ١٢٦)، ئەگەر لە کاریگەریی کەسایەتی ئەو دوو سەرکردەیە لەنێو کوردان لە سەردەمی مەغۆلی بدوێین، بۆمان دەردەکەوێ چ لە نێو وڵاتی کوردان و چ لە دەوڵەتی مەملووکی ڕۆڵی گەورەیان بەسەر کوردانەوە هەبووە، لەو کاتیشدا هەردوو دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی و دەوڵەتی مەملووکی دوژمنی یەکدی بوون، لەبەر ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر کەسایەتی کورد بەگشتی تێکەڵی ئەو سیاسەتە و پێوەندییانە کراوە و پیاوانی دەرباری مەغۆلی کە زۆربەیان نووسەری گەورەی سەرچاوەکانی ئەو کولتوورەن، لەو ڕوانگەیەوە لە کوردیان ڕوانیوە.

بە ڕووخانی دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی، ئێران ڕووبەڕووی شڵەژانی سیاسی بووەوە و چەند دەوڵەتێکی دیکە لە شوێنی ئەو دەوڵەتە گەورەیە دروست بوون، هەرچەندە دەوڵەتی جەلائیری بۆ ماوەیەک توانیی بەشێکی زۆری ئێران بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەتایبەتی لای ڕۆژئاوای، بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەمی کۆچی و سەرەتای سەدەی نۆیەمی کۆچی ناوچەکە ڕووبەڕووی هێرش و شاڵاوەکانی تەیموورلەنگ بووەوە، ئەمەش وای کرد شڵەژان و ئارامی سیاسی لە ناوچەکە بکەوێتە بەر هەڕەشە.

ئەو بارودۆخە وای کرد لەو سەردەمەدا، لە کاتێکدا دەوڵەتی مەرکەزی (جەلائیری) جێگەی لێژ بووبوو، لە وڵاتی کوردان (ڕۆژئاوای ئێران) گەلێ میرنشینی کوردی سەری هەڵداوە و کورد بەرەو قەوارەی سیاسی خۆی چوو، ئەمەش لە ئەنجامدا وای کرد سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانی باسیان لە کەسایەتیی میری کورد کردووە، کەواتە هاوکێشەکەش بەو شێوەیە بووە، لەو سەردەمەی مەرکەزییەتی دەسەڵات لاواز بووە، قەوارەی کوردی سەری هەڵداوە و کورد کەوتووەتە پێوەندیی کەناڵی سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران و سەرچاوەکانی کولتووریش باسیان لە میری کورد کردووە و بە کەسایەتییەکی پۆزەتیڤانە وێنەیان کێشاوە.

لە پاڵ کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی کورد، کە لە زەینییەتی کولتووری ئێرانیدا مێژووییەکی دوور و درێژی هەبووە، پیاوانی دەربار بەتایبەتی دەرباری تەیمووری بە شکۆوە باسیان لە میری کورد کردووە، چونکە پێوەندییە سیاسییەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران کەناڵی پێوەندییان لەگەڵ کورد کردووەتەوە، بگرە لە سەردەمی جەلائیریشدا میرانی کورد خەڵات کراون و دیارییان پێشکەش کراوە (حافظ ابرو: ١٣١٧، ب ١٩١، ٢١٤. السمرقندي: ١٣٥٣، ٣١٢/١).

شاڵاوەکانی تەیموورلەنگ بۆ ناوچەکە لە ئەنجامدا وای کرد ململانێ لەسەر ناوچەکانی ئێران دروست بێ، هەرچەندە دەوڵەتی تەیمووری لە ڕۆژهەڵاتی ئێران دروست بوو، بەڵام لە ڕۆژئاوا دەوڵەتی قەرەقویونلو دامەزرا، تەیموورلەنگ لە سەرەتای داگیرکارییەکانی هەستی بەوە کرد لە کوردستان کۆمەڵێک قەوارە دروست بوون و لەناوبردنیان ئاسان نەبوو، لەبەر ئەوە زۆر گرنگی بە میر عزەددین شێر دا و کردییە مەلیکی کوردستان و دواتریش ئەو سەرچاوانە بە مەزنییەوە باسی ئەو پیاوەیان کردووە (حافظ ابرو: ١٣٧٢، ا ١٦٩، ٢٩٠/١، ٧٧٦/٢. الشامي: ١٩٣٧، ١٠٣. اليزدي: ١٣٣٦، ٣٠٥/١).

سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانی زۆر لە لێهاتوویی لەو میرە دواون بەجۆرێک ناوبانگی بۆ هێندە ڕۆیشتووە تا بە (مەلیک عزەددین مەلیکی کوردستان) ڕۆیشتووە (sanjian: ١٩٦٩، ١١٠ . Minorsky: ٦٣ . زرار: ٢٠٠٩، ١٣٣).

سەرچاوەکانی دەرباری تەیمووری وەنەبێ هەر لە کەسایەتی ئەو میرە دوابن، بەڵکوو زۆر میری دیکەیان بە میری گەورەی کوردستان ناوبردووە (الشامي: ١٩٣٧، ١٣٠. حافظ ابرو:١٣٧٢، ١٠٣. میرخواند: ١٣٣٩، ٢٠٩/٦). هەتا لە باسی میر حاج شەرەف ڕۆژەکی خاوەنی بەدلیس گوتوویانە: (لە هەموو ویلایەتەکانی کوردستان کەسێک نەبووە لە پیاوەتی و شەهامەت و ڕاستگۆیی و ڕەوشتی جوان شان لە شانی بدات) (الشامي: ١٩٣٧: ١٥٢. اليزدي: ١٣٣٦، ٤٨٦/١).

ڕاستییەکەی لەسەر دەستی پیاوانی دەرباری تەیمووری بە تەواوی کەسایەتیی میری کورد لە کولتووری ئێرانیدا قاڵبی گرت و بە دیوێکی دیکەدا پێوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئێران ئەنجامێکی دیکەی لێ هاتە بەرهەم، لەو هاوکێشەی نەبوونی مەرکەزییەت، یان لاسەنگ بوونی مەرکەزییەت لە پاڵ کەسایەتی ئاسایی کورد، میری کوردیش هاتە مەیدانەوە، کە ئەو گوزارشتە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک خەڵکە لە سایەی بەڕێوەبردنێکی تایبەتیدا لە شێوەی قەوارەیەکی وەک میرنشین خۆی دۆزیوەتەوە.

ئەبووبەکری تارانیش باسی لە میرە کوردەکان کردووە و لە چالاکییەکانی و پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی قەرەقویونلو و ئاق قویونلو دواوە، لە کتێبەکەیدا زانیاریی گرنگی لەبارەی میرە کوردەکان بڵاوکردووەتەوە تاڕادەیەکی باش لە کەسایەتی و دەسەڵاتی ئەوان دواوە (١٩٧٧، ٥٩، ٩٩، ١٠٢، ١٦١).

لۆژیکی لاوازبوونی دەوڵەتی مەرکەزی ڕۆڵی سەرەکی لە پایەی کەسایەتی میری کورد لە کولتووری ئێرانیدا هەبووە، ئەوجا، یان ئەوەتا نێگەتیڤانە باسی لێوە کراوە، یان لەو ململانێیانەدا هەبووە بە شێوازێک باس لە ڕۆڵی کراوە، لە سەردەمی مەرکەزییەتی دەوڵەتی ئاق قویونلو، ئۆزۆن حەسەن لە کاتێکدا شاڵاوی بۆ میرنشینە کوردییەکان دەست پێ کردبوو، لەبەر چالاکیی عەشیرەتی ڕۆژەکی لە

بەدلیس و میر ئیبراهیم بەدلیسی لە ساڵی (٨٧٧ک/ ١٤٧٢ز) ویستی بچێتەوە بەدلیس، ئۆزۆن حەسەن لە هەمان ساڵدا کوشتی (البدليسي: ٢٠٠١، ٦٣٤) کەچی پاش ئەوەی دەوڵەتی مەرکەزیی ئاق قویونلو بەرەو لێژی ڕۆیشت، میر و سەرکردەکانی لەسەر دەسەڵات کەوتنە ململانێ، میر عیزددەین شێری هەکاری لەگەڵ سۆفی خەلیلی سەرکردەی گەورەی ئاق قویونلو، هاوپەیمانی بەست و بووە بەشێک لە ململانێ ناوخۆکان (فضل اللـه: ١٣٨٢، ٦٠).

ئەو دوو ڕووداوە نیشانی داوە کورد بەهۆی چالاکییەکانی، لە سەردەمی ململانێ و نامەرکەزییەت بەرەو کەسایەتیی سیاسی چووە و کولتووری ئێرانی لەژێر سەرنجی پێوەندییەکانی دەوڵەتی مەرکەزی، وێنەی کەسایەتی میری کوردی کردووە.

## ٤- کورد لەنێوان ئینتیمای ئایینی و خێڵەکیدا

ڕاستییەکەی توێژەر ناتوانێ بە تەواوی و بە ڕوونی ئینتیمای ئایینی کورد و پێوەندییە ئایینییەکانی بخاتەڕوو، بەتایبەتی لە سەردەمی دوای ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی، چونکە ئەو سەرچاوانەی باسیان لە کورد و ناوچەکەیان کردووە، زیاتر گرنگییان بە بابەتی سیاسی داوە، بەبێ ئەوەی لە بابەتی دیکەی وەک ئابووری و ئایینی و کۆمەڵایەتی دوابن، هەروەها گرووپێکی گەورەی ئەتنی وەک کورد کە لە مەرکەزی خەلافەت نزیک بووەو لە ململانێ سیاسییەکان بە گوێرەی قەبارە و دۆخی تایبەتی خۆی ڕۆڵی لە ڕووداوەکاندا هەبووە، لەنێو مەزهەب و ڕەوتە ئایینییە ئیسلامییەکاندا پێویستی بەوە هەبووە، لەسەر مەزهەبێک خۆی بدۆزێتەوە، کە پێناسی ئینتیمای ئایینی پێ بکا.

ڕەوتی گەشەسەندن و کامڵبوونی ئینتیمای ئایینی کورد بۆ خۆی بابەتێکی سەربەخۆیە و پێویستی بەگەڕان و لێتوێژینەوەی زۆرە، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە جێگەی بایەخە، دوای ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی دەتوانین بڵێین کورد لە ڕووی ئینتیمای ئایینییەوە تاڕادەیەکی زۆر خۆی یەکلا کردبووەوە، دوو کۆمەڵگەی گرنگ کاریگەرییان لەسەر یەکلاکردنەوەی ئینتیمای ئایینی کورد هەبوو.

**یەکەمیان:** کار و چالاکییە ئایینییەکانی سەرکردە و میرە کوردەکانی سەردەمی دەوڵەتی عەبباسی، بە واتای کاریگەریی سیاسی سەرکردە و میرە کوردەکان لە گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی مەزهەبەکانی سوننە بە تایبەتی لە شام، وای کردووە خەڵکی لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا ئەو مەزهەبە بەهی خۆیان بزانن، هەرچەندە کامڵبوون و گەشەسەندنی ئەو مەزهەبە لە نێو کورداندا لەو کاتەوە سەرچاوەی گرتووە، کورد لە مەڵبەندی دەوڵەتی عەبباسی نزیک بووە، بە واتا لە هەموو شوێن و ڕووگەیەک زیاتر لەسەر ئایین و مەزهەبی دەوڵەتی مەرکەزی ڕۆیشتووە، سەرکردە و دەسەڵاتدارانی کوردستان گەشەی بەرچاویان بەو مەزهەبە داوە، بێجگە لەناو کوردستان لە دەرەوەشیدا چەندان قوتابخانە و حوجرەی ئایینییان کردووەتەوە (التكريتي: ١٩٨١، ٤١١ -٤١٦).

**دووەمیان:** بوونی زانا و عالم و موتەسەوفی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، ئەگەر سەیری تەبەقاتی شافعی بکەین بۆمان دەرکەوتووە زۆر زانا و عالم هاتوونەتە کوردستان، یان ئەوەتا لە کوردستانەوە چوونەتە دەرەوەی، هەروەها کوردستان لە بەغدای مەڵبەندی زانست و زانیاری نزیک بووە، کەواتە ڕەوتی هاتن و چوونی زانایان کارێکی ئاسان بووە و کاریگەریی لەسەر بڵاوبوونەوەی مەزهەبی سوننە، بەتایبەتی شافعی

لە کوردستاندا بە پلەی یەکەم هەبووە (السبکي: ١٩٧٠، ٣١/٦، ٥٧، ٣٩، ٣٥/٧، ٥٣).

بێگومان لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری زانا و عالمەکان لە سەردەمی داگیرکارییەکانی مەغۆل کوردستانیان جێهێشت و ڕوویان لە شام کرد، بەڵام مەغۆل لەبارەی ئینتیمای ئایینییەوە کارێکی ئەوتۆی بەسەر گەلانی ناوچەکە و کوردستان نەبوو، زانا و عالمی کورد بەر لە مەغۆلیش لەگەڵ سەلاحەددینی ئەیووبی بەشێکیان ڕوویان لە دەوڵەتی ئەیووبی کردبوو، کەواتە دەرکەوتووە سەنتەرەکانی بەغدا و شام و میسر لەگەڵ حوجرە و قوتابخانەکانی کوردستان لە زۆر ڕووەوە وەک یەک بوون و هەمان مەزهەبیان پەیڕەو کردووە و تێیدا خوێنراوە (قادر: ٢٠٠٩، ٤٩ –٥١، ٢١٤ –٢٥).

کەواتە ڕۆڵی گەورە لە کامڵبوونی ئینتیمای ئایینی کورد، سەرکردە و میر و زاناکان گێڕاویانە، هەرچەندە کورد لەناو کوردستاندا مەرکەزییەتی سیاسی نەبووە تا مەرکەزییەتی ئینتیمای ئایینی بچەسپێنێ، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر مەرکەزیەتی مەزهەبی سوننە کۆڵەگەی ئینتیمای ئایینی کورد بووە، دەرکەوتووە میرە کوردەکان مەرکەزییەتی ئینتیمای ئایینییان یەک بووە، کەچی مەرکەزییەتی سیاسییان یەک نەبووە، بەتایبەتی لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی تا دەرکەوتنی دەوڵەتی سەفەوی زۆربەی زۆریان لەسەر مەزهەبی سوننە بوون ئەو ئاماژانەش لەو کاتەوە دەرکەوتوون کە لە ڕووی ئایینەوە پشتیان لە شا ئیسماعیلی سەفەوی کردووە (جوزرافابار بارۆ: ٩٥، ١٥٢، ١٥٧).

بێگومان وێنەی خێڵەکی کورد چ جای ئەوەی کاتێکی دوورودرێژ هەبووە و درێژەی کێشاوە، لە هەمان کاتدا بەردەوام زاڵ بووە، ئەو وێنەیەش هەر تەنیا سیما و خەسڵەتی کورد نەبووە، کەچی زیاتر بەلای کوردەوە باس کراوە، دیارترین جیاوازییش ئەوە بووە، نەتەوەکانی دیکە لە سەردەمێک لە سەردەمەکانی زاڵ بووندا توانیویانە ڕۆڵی مەرکەزیانە بگێڕن، کەچی کورد ئەو ڕۆڵەی وەک ئەوانی پێ نەگێڕاوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە لە سەرچاوە کولتوورییەکانی ئێرانیدا چەند جۆرێک وێنەی ئایینی کورد بەرچاو کەوتوون، کەچی زۆر کەم لە ڕواڵەتی خێڵەکی دابڕاون، کەواتە لە وێناکردنی وێنەی ئایینی کورد هیچ کاتێک زانا و عالیم و سەرکردەکانی لەبەرچاو نەگیراون، بۆیە وێنەی ئایینی کورد لە سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانیدا بە فلتەری وێنەکانی پێشوودا گوزەریان کردووە، هەروەک چۆن وێنەی کەسێکی نەزان لە بواری کۆمەڵایەتی باڵادەست بووە، بە هەمان شێوە لە کێو و چیاکانی کوردستان نزیکەی سی هەزار کەس لە کوردی هەڵگەڕاوە بە دوای پیاوێ کەوتوون کە گوایە مەهدی -مەهدیی مونتەزر-ە، ئەو پیاوە لە سەردەمی سوڵتان ئولجایتۆی مەغۆلی ئیلخانی سەری هەڵدابوو، دواجار هەندێک لە میرانی مەغۆل بەدوای ئەو ئاشووبەوە چوون و گرفتەکەیان دامرکاندووەتەوە، (کاشانی، ١٣٨٤، ٧٦-٧٧).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو گوتارەدا ژمارەی ئەو کەسانەیە کە سی هەزار کەسن و دواتر زۆر زوو ئەو بزووتنەوەیە بڵاوبووەتەوە، دواجار بە نێو کورددا بڵاوبووەتەوە، ئەوانە لەڕێ لادەر و ونبوون، ئەوان لە نەزانی و تاریکیدا هەر زوو بانگەشەی ئەو پیاوەیان قبووڵ کردووە، ئەو قبووڵکردنەش لە نەزانییەوەیە و دواجار بەهۆی نەزانییەوە زوو لە نێویاندا بڵاوبووەتەوە، لەگەڵ

ئەوەی وێنەی ئایینی کورد بە فلتەری وێنەی کۆمەڵایەتیدا تێپەڕیوە، لە هەمان کاتدا لە خودی حەقیقەتی کوردیش دوور بووە، کورد لە ڕووی باوەڕەوە جێگەی متمانە نەبووە، جاری وابووە هەڵگەڕاونەتەوە و لە ڕێبازی ڕەسمی و باوی ئایینی لایان داوەو بە دوای بانگەشەی پڕوپووچ کەوتوون (مؤلف مجهول: ١٣٥٠، ٣٤، مووسا، ٢٠١١، ٨٦).

بێگومان کورد مادام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خاوەن بنیادێکی لەرزۆک بووە، لە ڕووی ئیمانەوەش ڕاوەستاو نەبووە، لەبەر ئەوەی سادەیی و نەزانی پاڵنەری ئەو هەڵسوکەوتانە بوون، کە ئەنجامی داوە، تەنانەت ئەگەر بەو ئایدیۆلۆژیایانەوە پابەندبێ، کە ژیانی ڕوحی و ماددییان ڕێک خستووە. وەنەبێ هەر تەنیا تاکی کورد ئەو خاسڵەتانەی هەبێ، بگرە سەرۆک خێڵ و هۆزەکانیشی وان، چونکە ئەوان ئامادەن دەستبەرداری ماڵ و موڵکیان بن و بەدوای شێخێکی سۆفی بکەون، چونکە ئەو شێخە خاوەن کەرامات بووە، ئامادە بوون کچ و ماڵ و موڵکی پێ بدەن، شێخەکە هەرچەندە سەرەتا ڕازی بووە، بەڵام دواجار پشتی لەوان کردووەو ڕووی لە خودا کردووە (جامی: ١٣٨٢، ٢٤٩-٢٥٠).

وێنەی کورد بە گەلێ شێوازی دیکە باس کراوە، بە جۆرێک گومان لەوە نییە کورد بۆ خۆیان لەڕووی ئینتیماوە لەسەر مەزهەبی سوننە یەکلابوونەتەوە، کەچی لە ململانێی میرانی تورکمان و کورداندا لەو کاتەی هێزە کوردەکان سەرکەوتوون، بەم شێوەیە باسیان لێوە کراوە، کە کوردان دەرکەوتوون و بەسەر ئەهل- خەڵک-ی سوننەدا زاڵبوون و گەلێکیان لە دانیشتووانی ناوچەکە قەتڵ و بڕکردووە (طهرانی: ١٩٧٧، ٢٢٥/١)، لە کاتێکدا ئەگەر بەشێکی کوردی شیعە زاڵبووبن، وەک ئەوەی بەسەر تورکماندا زاڵبوون، زاڵبوون بێ بەسەر هەموو ئەهلی سوننەدا، لێرەدا وێنەی زاڵبوون ئاوێتەی کێشەیەک کراوە، لە خۆی گەورەتر نیشان دراوە، سەرباری ئەوەی ئینتیمای بەشێکی زۆری کورد لەبەرچاو نەگیراوە. بۆ ناساندنی ئینتیمای ئایینیی کورد کەمینە بە پێش خراوە و زۆرینە فەرامۆش کراوە.

دواجار وێنەی ئایینیی کورد لەلای مێژوونووسێکی وەک ڕەشیدەددین هەمەدانی بە تەواوی تێکەڵ بە سیاسەت کراوە و بە جۆرێک کوردی وەک گرووپێکی ئەتنی وەسف کردووە، کە هەڵگەڕاوەن و لە ئایین لایان داوە، لەگەڵ کۆمەڵێک نەتەوەی دیکە لە باسی ڕێگری و دزی باسی کورد و لوڕ و شوولی کردووە، کە دوور لە ئایین، ئاژاوەیان دروست کردووە، بەو جۆرە داوە، کە کورد لە ڕیزی مورتەدن (١٣٦٢، ٢/١٠٥١) لێرەدا کورد لە دەرەوەی ئایینی ئیسلام وێنەی کێشراوە لەگەڵ کۆمەڵێک نەتەوەی دیکە ڕیز کراوە، هەرچەند لەو وێنەیەدا یەکەم جار بە بواری سیاسی دەستی پێ کردووە، لە هەمان کاتدا لە قاڵبی کۆمەڵایەتیش دوور نییە، ئەوان لەبەر ئەوەی خێڵەکین و لە ژیانی شارستانی دوورن، بۆیە لە ئایینیش دوورن، یان دەکرێ بڵێین ئایینیشیان لاوازە. ئەو دەقەی ڕەشیدەددین بەلای ئەوەشدا دەچێ کورد لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی ئایینییەوە لاوازە لە هەمان کاتیشدا سروشتێکی توند و دڕی هەیە.

فەزڵوڵڵا ڕۆزبەهان خونجی مێژوونووسی دەرباری دەوڵەتی ئاق قویونلو پیاوێکی توندڕۆی مەزهەبی سوننە بوو، هەر لەبەر هەڵوێستەکانی ئێرانی جێهێشت، کەچی لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بە ئینتیمای ئایینی مەزهەبی سوننەی کورد نەکردووە،

چ لەو کاتەی وەک گرووپی ئەتنی باسی کوردی کردووە، یان لەو کاتەی باسی لە میری کردووە (١٣٨٢، ٦٠، ١٢٣)، لەمەوە دەرکەوتووە وێنەی باوی ئاییینیی کورد لە سەرچاوە ئێرانییەکاندا لەژێر سایەی وێنەی کۆمەڵایەتیی کورددا حەشار دراوە، ئەگەر نا کەسێکی وەک مەلا ئیدریسی بەدلیسی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە وەک فەزڵوڵڵا بەتوندی مەزهەبی سوننەی گرتووە، بەهەمان شێوە لە دەرباری ئاق قویونلو کاری کردووە و کوردیش بووە، (ادریس بدلیسی: ١٣٨٧، ٤)، کەچی نەبووەتە سیما و نموونە بۆ ئینتیمای ئاییینی کورد، بەڵکوو تەنیا وەک کەسایەتییەک لە سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانیدا باسی لێوە کراوە.

لە دوارۆژەکانی ڕووخانی دوڵەتی ئاق قویونلودا شا ئیسماعیلی سەفەوی لە کاتێکدا چالاکییە سیاسییەکانی ڕوو لە هەڵکشان و نەشونما بوو، تەنگی بە دەوڵەتی ئاق قویونلو هەڵچنیبوو، لە هەمان کاتدا مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامیشی وەک مەزهەبی ڕەسمیی دەوڵەت ڕاگەیاند، سوڵتان خەلیل میری حسن کێفا لە هەرێمی دیاربەکر کە دانی بە دەسەڵاتیدا نا، خوشکی خۆی دایە و عەبای سووری پۆشی وەک نیشانەیەک کە هەمان ئایدیۆلۆژیای قبووڵە، کەچی لە دڵەوە مەزهەبی شیعەیان قبووڵ نەکردووە (جۆزافا باربارۆ و دیگر: ١٣٨١، ٤٤٢-٤٤٣)، ئەمەش سەلماندوویە گۆڕینی ئینتیمای ئاییینی کورد کارێکی ئاسان نەبووە، کە پاشخانێکی گەورەی لە مەزهەبی سوننە داگیرکردووە.

ئەگەر لە سەرچاوە مەملووکییەکان بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ ئەوان وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرایان لەبارەی ئینتیمای ئاییینی کوردەوە پێشکەش کردووە، وێنەی نێو ئەو سەرچاوانە درێژکراوەی هەمان وێنەی ئینتیمای ئاییینی کوردن لە سەردەمی دەوڵەتی عەبباسیدا، میرە کوردەکان بە پاڵنەری ئاییینی (مەزهەبی سوننە) کۆبوونەتەوە و ڕوویان لە هەکاری کردووە و هێرشیان بۆ کوردە ئێزیدییەکان بردووە، چونکە ئەوان گوایە بە دوای بیروباوەڕی نەشیاو کەوتوون (المقريزي: ١٩٩٧، ٣٧٠/٦). لێرەدا لە پشت ئەو وێنە ڕوونەی ئینتیمای ئاییینی کوردەوە، دوو مەبەست دەردەکەوێ، یەکێکیان کورد لە میسر خاوەن دەوڵەت بووە و بە توندی مەزهەبی سوننەی سەپاندووە، ئەو مەزهەبەی لە مەرکەزەوە پشتگیری کراوە، دوومیان پاش ڕووخانی خەلافەتی عەبباسی کورد پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ مەملووکی نەپچڕاوە (زرار: ٢٠٠٩، ١٧٩-١٩٣).

لە سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانیدا بە جودا سەیری وێنەی گرووپێکی ئەتنی وەک کورد و کەسایەتی ئاییینیی کورد کراوە، ئەو دەقەی بەردەستمان کەوتووە، هەردووکیان بەیەکەوە باسکراون و بەڕوونی دیارە کە ئەو دووانە لە مەعریفەی ئێرانیدا دوو وێنەی جودان، کوردێک لە شیراز بە دوای زانست و عیلمدا گەڕاوە و لە مەدرەسەیەکدا پرسیویەتی کە دەیەوێ وەک ئەوان فێر ببێ، قوتابییەکانیش کە زانیویانە کوردە، پێیان ڕابواردووە و گوتوویانە: شەوان پێیەکانی بە سەقفی خانووەکەت هەڵواسە و ببەستە و بزانە تا چەند دەتوانی وێرد بخوێنی، بیخوێنە. بەو جۆرە دەرگای زانست و عیلم بە ڕووتدا دەکرێتەوە، ئەویش چۆنی گوتوویانە وای کردووە، بۆ چەند شەوێ وای کردووە، دواجار لە بەیانییەکدا دەرگاکانی زانستەکانی بۆ کراوەتەوە و دڵ و دەروونی بە نووری موقەدەس گەشاوەتەوە، هێندە زانا بووە هەر

کێشـەیەکی ئاڵـۆز و تەمومژاوییـان پـێ گوتـووە، وەڵامـی داوەتـەوە و بەسـەریدا زاڵ بـووە، ئەمـەش ڕستەی بـاوی جارانـی سـەپاندووە کـە (امسـیت کردیـا و أصبحـت عربیـا)، واتـە لـە حاڵێکـدا ئێـوارەم کـردەوە کـورد بـووم، یانـی هیـچ شـتێکم نەدەزانـی، کەچـی لـە حاڵـی بەیانیـدا بـووم بـە عـەرەب، واتـە هەمـوو شـتێک فێـر بـووم (جامـی: ١٩٨٢، ٣٢٥) سـەرەتا هـەق وایـە بپرسـین، بـە چ لۆژیکێـک ئـەو شـێخە ئـەو هەمـوو زانسـت و زانیارییانـە فێـر بـووە؟ ئەمـەش جێگەی پرسـیارە.

لێـرەدا بـە ڕوونـی دیـارە زانایـان و عالمانـی کـورد لـەو کاتـەی زیـرەک بـوون، پلەشـیان بـۆ دیـاری کـراوە و لـە گرووپـی خۆیـان تـرازاون، بۆیـە هـەر کاتێـک زانـا و عالمـی کـورد لـە کولتـووری ئێرانیـدا سـەری هەڵدابـێ لـە دەرەوەی گرووپـی ئەتنـی خۆیـان تەماشـا کـراون، نـەک هـەر ئـەو شـێخە، بەڵکـوو زۆربـەی زۆری زانـا و عالمـان ئـەو ڕوانگەیـان بەسـەردا سـەپێنراوە. ڕەنگـە زمانیـش ڕۆڵـی مەزنـی لـەو بـوارەدا هەبـێ، چونکە کـورد بە زمانـی خـۆی نەینووسـیوە، لـەو سـەردەمدا زمانـی عەرەبـی و فارسـی بـاو بـوون، هەرچەنـدە دەبـێ ئـەو سـەرنجەش لەبـەر چـاو بگریـن کـە نەتـەوەی دیکـەش هەبـوون بـە زمانـی خۆیان نەیاننووسـیوە، کەچـی وەک کـورد بـە نـەزان سـەیر نەکـراون، زۆر دوور نەڕۆیـن تـورک بـە زمانـی خۆی نەینووسـیوە، کەچـی لـەو سـەردەمدا بـە نـەزان نەناسـێنراوە، تـورک هـۆکاری زاڵبوونـی سیاسـی و بەهێـزی لـە گۆڕەپانـی سیاسـی کاریگەریـی بەسـەر وێنەکەیـدا لـەو سـەردەمدا هەبـووە.

ئـەوەی تێبینـی دەکـرێ لـە بـارەی چەمکـی ئایینـی کـورد لـە سـەرچاوەکانی کولتـووری ئێرانیـدا کۆمەڵێـک وێنـە و ئامـاژە بەرچـاو کەوتـوون، ئەگـەر بمانـەوێ لـە حەقیقەتـی ئینتیمـای ئایینـی کـورد بگەیـن، لـەو سـەرچاوانە دەرکەوتـووە، کـە ئینتیمایەکـی ئایینـی یەکگرتـوو دەسـت ناکـەوێ تـا هەمـوو کـورد کۆبکاتـەوە، بۆیـە وێنـە ئایینەکانـی کـورد پەرتوبڵاون، سـەرچاوەکان وایـان نیشـان داوە کـورد لـە ڕووی ئایینییـەوە چەسـپاو نییـە. زانـا و عالمـان و میـرە کوردەکان ئامـاژە نیـن بـۆ ئینتیمـای ئایینـی کـورد، لـە هەندێـک بـاردا کـورد ئەگـەر زانـا و عالمـی لـێ هەڵبکـەوێ لـە گرووپـی ئەتنـی کورد چووەتـە دەرەوە، وەک کەسـێکی سـەربەخۆ سـەیر کـراوە، لەبـەرە ئـەوە سـەرچاوەکانی کولتـووری ئێرانـی ئینتیمـای ئایینـی گرووپـی ئەتنـی کوردیـان بـە زانـا و عالـم و موتەسـەویفەکان نەبەسـتووەتەوە.

ئـەو وێنـە ئایینییانـەی بـۆ کـورد کێشـراون، لـە خەیـاڵ و زەینـی نووسـەرانی سـەرچاوەکاندا ڕواڵەتـی پێشـووی وێنـەی خێڵەکییانـەی کـورد ڕۆڵـی مەزنـی هەبـوو تـا تەسـەورکردنی کامـڵ بێـت، ئـەو وێنانـە بـەدەر نیـن لـە خەسـڵەت و مۆرکـی خێڵەکیـی کـورد، بـە واتـا کـورد ئایینـی ئیسلامیشـی بـە گوێـرەی بنیـادی کۆمەڵگـە خێڵەکییەکـەی وەرگرتـووە، بنیـادە خێڵەکییەکـە ئینتیمـای ئایینـی کـوردی دەستنیشـان کـردووە، دواجـار سـەرچاوەکان وایـان نیشـان داوە کـورد وەک گرووپێکـی ئەتنـی لەبـەر ئـەوەی خێڵەکیـن ئینتیمـای ئایینیشـیان لاوازە، ئەمـەش دوای ڕووخانـی دەوڵەتـی عەبباسـی و دۆڕانـی مەرکەزییەتـی سـوننە مەزهـەب، قووڵتـر بووەتـەوە.

لەکاتێکـدا میـرە کـوردەکان لـە سـاڵی (٨١٧ک/ ١٤١٤ ز) بـە پاڵنـەر (دافـع)ی ئایینـی و فەتـوای خوتبـەی مـەلای تەورێـز کۆبوونەتـەوە و هێرشـیان بـۆ ئێزیدییـەکان بـردووە، ڕاسـتییەکەی ئەمـە سـەلماندوویە تـا چەنـد میـرە کـوردەکان لەسـەر مەزهەبـی سوننە مکوڕن، چونکە سوننە مەزهەب لە بەرانبـەر نەیارانـی تونـد بـووە، کەچـی سـەرچاوەکانی

کولتـووری ئێرانـی لـەو ڕووداوە نـەدواون، یـان بەلایانـەوە گرنـگ نەبـووە میـر و عالمـی کـورد تـا چەنـد کاریگەریـی لەسـەر ئینتیمـای ئایینـی کـورد هەبـووە، لەکاتێکـدا گەشـتیار و گەڕیدەی ئەورووپـی لەبـارەی ئینتیمـای ئایینـی کـوردەوە زانیـاری گرنـگ و ڕاسـتەقینەیان تۆمـار کـردووە.

**٥- ڕەچەڵەکی کورد لە نێوان ڕابوردوو و ناسنامەدا**

لـە مەعریفـەی ئیسـلامیی پێـش ڕووخانـی دەوڵەتـی عەبباسـی وێنـەی ڕەچەڵەکـی کـورد لـە چوارچێـوەی ئێرانیـدا ئامادەگیـی بەهێـزی هەبـوو تـا ئـەو تێـزە ململانێـی ڕۆشـنبیری و فەرهەنگیـی زاڵـی عەرەبـی بـکا، ئـەو کولتـوورەی دوای فەتحـی ئیسـلام، بەتایبەتـی لـە سـەردەمی عەبباسـیدا لـە ناوچەکـە وای کـرد عـەرەب و فـارس بـۆ ئـەوەی هـەم سـەرمایەی ڕەمزیـی خۆیـان زیـاد بکەن و هەم دەسـەڵاتیان لـە بـوارە جیاکانـدا بسـەپێنن لەبارەی ڕەچەڵەکـی کـوردەوە هـەر یـەک لـەو نەتەوانـە بیگێڕنـەوە سـەر ڕەچەڵەکـی خۆیـان، کولتـووری ئێرانـی لـە سـەردەمی مەرکەزییەتـی زمانی عەرەبی توانیویەتـی بـە ئـازادی بیـر و بۆچوونـی خـۆی پێـڕەو بـکا و دەسـتبەرداری ڕابـوردووی نەبـێ، نووسـەرانی ئێرانـی لەگـەڵ ئـەوەی بـە زمانـی عەرەبـی نووسـیویانە، کەچـی لەبـارەی ڕەچەڵەکـی کـوردەوە ڕوونیـان کردووەتـەوە پێوەنـدی بەهێـز لـە نێوان ڕەچەڵەکی کورد و چیرۆکی ئەفسانەیی زوحـاک هەبـووە، کـورد نـەوەی ئەوانـەن کـە لـە دەست زوحـاک ڕزگارکرابـوون و پەنایـان بـۆ چیـا و کێـوەکان بردبـوو، (حیـدر: ٢٠٠٤، ٨٢- ٨٣).

ڕاسـتییەکەی ڕیوایەتـی ئـەو گەنجانـەی کـە یەکیـان مێشـکی دراوە بـە مارەکانـی سـەر شـانی زوحـاک و یەکێکـی دیکەیـان دەربـازی بـووە و چووەتـە چیـا و کێـوەکان تـا دەرنەکـەوێ، دواتـر کـورد لـە نـەوەی ئەوانـە دروسـت بـووە، بەهێزتریـن بۆچوونـی نووسـەران و مێژوونووسـانی ئێرانـە، کەواتـە ئـەو ڕیوایەتـە ئەگـەر حەقیقەتێکی مێژووییـش بـێ ناسـنامەی ڕەچەڵەکـی کوردی لـە زەینـی کولتـووری ئێرانـدا نـەک هـەر تەنیـا لـە سـەردەمی فەتحـی ئیسـلامیدا، بگـرە پێشـتریش دروسـت کـردووە، هەتـا فیردەوسـی لـە شـاهنامەدا لـە باسـی ڕزگاربوونـی تاقمێـک لـە خەڵکـی لەدەسـت زوحـاک و پەنابردنیـان بـۆ چۆڵگـە و بیابـان و کێـو گوتوویـە:

**کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد**
**که ز آباد نايد به دل برش ياد**

(فردوسی: ١٣٨، ٢٨/١).

فیردەوسی لـە بابەتـی ڕەچەڵەکـی کـورد ئامـاژەی بـەوە داوە کـورد لـە تـۆوی ئـەو کەسـانەیە، لـە دەست زەحـاک چوونەتـە کێـو، ئەوانـە هیـچ کاتێـک یـاد و بیرەوەریـی شـار و ئاوەدانـی بـە دڵ و مێشـکیاندا نایـە (خـزری: ٢٠١٤، ٥٧)، بێگومـان لـە ڕووی ڕێکەوتـی مێژووییـەوە ڕووداوەکانـی سـەردەمی زوحاک پێوەندییـان بـە عـەرەب و ئیسلامەوە نییـە، بەڵکـوو سـەروەرییەکانی فارسـی وێنەکێشـاوە، لـەو کاتـەوە دەسـتی پـێ کـردووە کـە زوحـاک لەنـاو چـووە (حیـدر: ٢٠٠٤، ٨٣-٨٤)، وجـوودی ئـەو تێـزە بـۆ ڕەچەڵەکـی کورد لـە حەقیقەتـی مێژوویـی ڕیوایەتەکـە گرنگتـرە، وەنەبـێ حەقیقەتـی مێژوویـی ڕۆڵـی نەبـێ، بگـرە حەقیقەتـی مێژوویـی ڕووداوەکـە خـاوەن خاڵێکـی دەسـتپێکردنەوە و گەشەسـەندنی هێـز و هۆکارگەلێکـی دیکـە، بـە تایبەتـی دەسـەڵات و ململانـێ وای کـردووە بـە گوێـرەی سـەردەمەکان گۆڕانکاریـی بەسـەردا بێـت، بـەڵام وجـوودی وێنـەی ڕەچەڵەکـی کـورد لـە زەینییەتـی کولتـووری ئێرانیـدا دوو ئامـاژەی گرنگـی دروسـت کـردووە، یەکێکیـان مێـژووی هاوبەشـی هـەردوو نەتـەوەی فـارس و

کورد – مێژووی بەیەکەوەبوونیان –، ئەمەش حەقیقەتێکی مێژووییە و هەردوو نەتەوە لە دێر زەمانەوە بەیەکەوە ژیاون و زۆر هاوبەشیان بەیەکەوە هەبووە (احمد: ٢٠١٠، ١١٠)، هەر لەبەر ئەوەشە ڕیوایەتی دیکەش لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە هەن، کە ڕەچەڵەکی کوردی بۆ یەکێک لە شاکانی فارس گەڕاندووەتەوە کە هەموو نەتەوەکانی فارس ڕەچەڵەکیان بۆ ئەو گەڕاوەتەوە (المسعودي: ١٩٨١ ٩٤، العمري: ١٣٠/١٩٢٤، المقريزي: ١٩٩٧ ١٠١/١)، هەرچی ئەوی دیکەیانە، وێنەی ئەو کەسانەی چوونەتە کێو و چیاکان و لەبەر دەستی زوحاک ڕایانکردووە، ئەوانە لە کێو و دەشت ڕۆژگار بەسەر دەبەن، لە شار و ئاوەدانی دوورن، لەبەر ئەوە وێنەی ڕەچەڵەکی کورد لەو کاتەوە دروست بووە کە ئەو تاقمە لەو کێو و دەشتە نەوەیان زیادی کردووە، بۆیە هۆکاری شوێن– دوور لە ئاوەدانی– گرنگترین هۆکاری دروستبوونی وێنەی ڕەچەڵەکی کوردە لە زەینییەتی کولتووری ئێرانیدا.

پێش ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی کولتووری ئێرانی هەوڵی جیددی داوە تا ئەو ڕیوایەتانە دەربخات و برەویان پێ بدا، بۆ ئەوەی لە دژی کولتوور و بوارەکانی دیکەی عەرەبی بەکاری بێنێ و دواجار بتوانێ باڵادەستی خۆی نیشان بدا، بۆیە ئەگەر زمانی عەرەبی و دەسەڵاتی ئایینی و سیاسیی عەرەب ڕۆڵێکی گەورەی هەبووبێ، ئەمانە نەیانتوانیوە چالاکیی کولتووری ئێرانی پەکبخەن و دواجار هەم بە زمانی عەرەبی و هەم بە زمانی فارسی هاتووەتە دەنگ، ئەمەش بەشێک بووە لە ململانێی نێوان عەرەب و فارس، بەتایبەتی لە بارەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شعوبییەت، بزووتنەوەی عەجەمی– غەیرە عەرەب– لە دژی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و ڕۆشنبیریی ڕەهای عەرەب (حیدر: ٢٠٠٤، ٨٥)، پرسیاری گرنگ تایبەت بەو باسە لێرەدا ئەوەیە، ئایا کولتووری ئێرانی چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو پاشخانە کردووە؟! گرنگترین خاڵ ئەوەیە، بە ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی کولتووری شیعە مەزهەب زۆر پەرەی سەند و زمانی فارسی لە ناوچەکە شوێنی زمانی عەرەبی گرتەوە، بە جۆرێ زمانی ڕەسمی نەک هەر دەوڵەتەکانی ئێران بووە، بەڵکوو لە دەوڵەتانی دەوروبەریشی وەک زمانی سیاسەت و پێوەندییەکان و ئەدەبیات ناسراوە.

لێرەوە پێویستە بزانین ململانێی کولتوورەکان لەبارەی ڕەچەڵەکی کورد لە سەردەمی نەمانی مەرکەزییەتی زمانی عەرەبی چ ڕەنگدانەوەیەکی بەسەر کولتووری باڵادەستەوە هەبووە؟ یان بە مانایەکی دیکە لە سەردەمی مەرکەزییەتی زمانی فارسی چ زەروورەتێک هەبووە بۆ دەرخستنی ڕەچەڵەکی کورد؟! یان ڕەچەڵەکی کوردیان بۆ چ بوارێک پێویست بووە؟! سەرەتا دەبێ بزانین بابەتی ڕەچەڵەکی کورد بە هیچ شێوەیەک لە ڕابوردوو، واتا لە ڕیواتەکانی ڕابوردوودا دانەبڕاوە و لەسەر هەمان هێڵ ماوەتەوە، لەگەڵ ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی کولتووری عەرەبی و زمانی عەرەبی پاشەکشێی کرد، زمانی فارسی و کولتووری ئێرانی جێگەی گرتەوە، دەتوانین بڵێین لە ڕووی جوگرافییەوە ئەو کولتوورەی بەر لە ئیسلام بەدەست بێنێتەوە و پاڵەوانە سیاسییەکانیشی بنەماڵەی چەنگیز خان بوون، نەک هەخامەنشی و ساسانی.

بە شێوەیەکی گشتی ئەو ڕیوایەتانەی باسیان لە ڕەچەڵەکی کورد کردووە، زۆربەی زۆریان لە بەرهەمە مێژووییەکاندا بەرچاوکەوتوون، دوو شێوەی باسکردنی ڕەچەڵەکی کورد بەرچاو

کەوتــووە، یەکێکیــان ڕەچەڵەکــی کــوردی بــە ئێرانیبوونــەوە گــرێ داوە و ئــەوی دیکەیــان باســی لــەوە کــردووە کــورد ڕەچەڵەکیــان بــۆ ســەر عەرەب دەگەڕێتــەوە.

ئەوانــەی ڕەچەڵەکــی کوردیــان گەڕاندووەتــە ســەر ڕەچەڵەکــی ئێرانــی بــە دوو شــێوە باســیان لــێ کــردووە، بەشــێکیان هــەر ڕیوایەتەکــەی ئەفســانەی زوحاکیــان دووبــارە کردووەتــەوە، هەوڵیــان داوە تاڕادەیەکــی کــەم ڕەگــەزی ئەفســانەیی لــێ دووربخەنــەوە، چونکــە لــەوە دواون کــە هیــچ مارێــک لەســەر شــانی زوحــاک وجــوودی نەبــووە، بەڵکــوو پارچــە گۆشــت لەســەر شــانەکانی هەبــوون و بــەرە بــەرە گــەورە بــوون تــا شــێوەیان وەک مــاری نوانــدووە، کاتــێ زوحــاک داوای مێشــکی دوو گەنجــی کــردووە، وەزیرێکــی مێشــکی گەنجێکــی داوە بــە زوحــاک و ئــەوەی دیکــەی ڕزگارکــردووە و کــورد لــە تۆرمــە و توخمــی ئەوانــەوە ئیجــاد بــووە کــە دواتــر زۆر بــوون و لــە هەرێمــی چیــا جێگیــر بــوون (قزوینــی: ١٣٨٢، ١٣٣. حمدالله مستوفي: ١٣٦٢، ٨٢. میــر خوانــد: ١١١. مووســا: ٢٠١١، ٦٦ - ٦٧).

هەرچــی شــێوەی دووەمــە ڕەچەڵەکــی کــوردی گەڕاندووەتــەوە ســەر بنەماڵــەی ساســانی، بەجــۆرێ شــوانکارەکان ڕەچەڵەکیان بۆ ئەردەشێری بابەکان (م ٢٤١ز)ی دامەزرێنــەری دەوڵەتــی ساســانی گەڕاوەتەوە، شــوانکارەکان خۆشــیان لــە تۆمــار و بەرهەمــە مێژووییەکانــدا ئــەو ڕەچەڵەکەیــان دووبارەکردووەتــەوە (بناکتــی: ١٣٤٨، ٢٢٣. شــبانکارەای: ١٣٧٦، ١٥١) هەتــا شــەرەفخانی بەدلیســیش ڕەچەڵەکــی میرانــی بەدلیســی بــۆ شــاکانی ساســانی گەڕاندووەتــەوە (٢٠٠١، ٦٠٠).

بــە بــەراورد لەگــەڵ ڕەچەڵەکــی ئێرانــی بــۆ کــورد ئاماژەکــردن بــە ڕەچەڵەکــی عەرەبــی بــۆ کــورد لــە ســەرچاوەکانی کولتــووری ئێرانیــدا ئامــاژەی زۆر کەممــان بەرچــاو کەوتــوون، دەتوانیــن بڵێیــن نەبووەتــە بابەتێکــی جێگــەی باســکردن، ئەمــەش دەری خســتووە کــە شــوێنەواری ململانێــی لەگــەڵ کولتــووری عەرەبیــدا هێشــتا دیــارە و ئــەوان بــاس لــەو تێــزە ناکــەن کە کــورد بباتــەوە ســەر ڕەچەڵەکی عەرەبــان، ئەبووبەکــر تارانیــی مێژوونووســی دەربــاری ئــاق قویونلــو لە باســی شــا حوســینی لوڕ لــەوە دواوە کــە ڕەچەڵەکــی دەچێتــەوە ســەر میرانــی عەبباســی، ئــەو بنەماڵەیــەش بــە خورشــیدی ناســراون (١٩٧٧، ٥٥٥/٢. البدلیســي: ٢٠٠١، ١٤٣)، هەروەهــا لەبــارەی میرنشــینی فەزڵەویشــەوە بــاس لــەوە کــراوە، ئــەوان بــۆ کوردانــی شــام دەگەڕێنــەوە، نــەک عــەرەب (شــبانکارەای: ١٣٧٦، ٢٠٨. البدلیســي: ٢٠٠١، ١٢٦) لــە هەمــان ســەردەم و کاتــدا دەبینیــن هەندێــک بنەماڵــەی دیکــەی فەرمانــڕەوای غەیــرە کــورد لــە وڵاتــی عەرەبانــەوە بــۆ ئێران هاتــوون (کتبي: ١٣٣٥، ٣). ڕاســتییەکەی باســکردنی ڕەچەڵەکــی عەرەبــی بــۆ کــورد زۆر کــەم بەرچــاو دەکــەوێ، هەرچەنــدە بــاس لــەوە کــراوە لــە کوڕەکانــی حەزرەتــی عەببــاس یەکێکیــان بووەتــە پاشــای کوردســتان و یەکێکیــان لــە لوڕســتان دەســەڵاتی وەرگرتــووە، تــا ئێســتاش- مــاوەی قەرەقویونلــو تــا ســەفەوی- لــە حکوومەتــدان (کربلائــی تبریــزی: ١٣٨٣، ٨٨).

لــە ڕووی گرنگیپێدانــەوە باســکردنی ڕەچەڵەکــی کــوردی لــە تۆرمــەی ئەوانــەی لــە دەســت زوحــاک ڕزگاریــان بــووە زەینییەتــی کولتــووری ئێرانــی داگیرکــردووە، ئەو تەســەورە نیشــاندانی تەســەوری هەمــوو کــوردە، کەچــی باســی ڕەچەڵەکــی عەرەبــی بــۆ کــورد هیــچ جێگــەی بــۆ نییــە، پرســیاری گرنــگ لێــرەدا ئەوەیــە، کولتــووری ئێرانــی لــە پێنــاو ناســینی ئــەوی دیکــە (الاخــر)دا چ خزمەتێکــی بــە ڕەوتــی گەشەســەندووی سیاســەت و بوارەکانــی دیکــە کــردووە و چــی بەرهــەم هێنــاوە؟!! چــۆن

**لەو ململانێیانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە بەکاری هێناوە ؟!**

**بە ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی دەسەڵاتی ئایینی خەلیفە لەناوچوو، ئەو دەسەڵاتەش نوێنەرایەتی سوننە مەزهەبی کردووە، ئەمەش وای کرد مەرکەزییەتی زمانی عەرەبی جێگەی لەق بێت، کوردیش لەبەر ئەوەی لەو مەرکەزییەتەوە نزیک بوو، لە سەردەمی مەغۆلی ئیلخانی پەراوێز خراوە، ئەمەش دواجار ئەوەی لێکەوتەوە کورد لە دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی ڕۆڵی لاواز بێت، بە واتایەکی دیکە هیچ بنەمایەک بۆ پیشاندان و دەرخستنی پەچەڵەکی کورد لە کولتووری ئێرانی نەمایەوە تا ململانێی لەگەڵ کولتووری باڵادەست، یان هیی دیکەی پێ بکا، چونکە ئێستا خۆی باڵادەستە و ئەو کولتوورە هەوڵی داوە زیاتر پێگەکانی ڕۆشنبیری لە بوارەکانی ئایینی و ڕۆشنبیری و هیی دیکە بەهێزتر بکا، لە کاتێکدا بووەتە زمانی ڕەسمی دەوڵەتانی دەوروبەری، مەرکەزییەتی سیاسی لەو سەردەمەدا توانیویەتی خزمەتی مەرکەزییەتی زمانی فارسی بکا، کەچی پێش ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی زمانی فارسی خزمەتی زۆربەی کایە و بوارەکانی دیکەی کردووە، ئەو وەرچەرخانەش سەرەتا لە کایەکانی کولتوورییەوە گەشەی کردووە، بەواتا بەهۆی زمانەوە دەستی پێ کردووە، کە مەرکەزییەتی زمانی عەرەبی نەما خزایە نێو ژیانی سیاسی، تا دواجار لەگەڵ بەرپابوونی دەوڵەتی سەفەوی توانیویەتی سێکوچکەی زمان و سیاسەت و ئایین بە یەکەوە لە قەوارەیەکی گەورەدا گرێ بدا.**


**سەرچاوەکان:**

(الابی: ٥١/٢).

- اکوپف، هاکوپیان: کردان گوران و مسأله کرد در ترکیه. ترجمه: سیروس ایزدی، چاپ ١، انتشارات هیرمند، چاپخانه حیدری (تهران ١٣٧٦).

- احمد محمود الخليل: أ- صورة الكرد في مصادر التراث الاسلامي، دار اراس للطباعة والنشر، (اربيل ٢٠١٢)، الطبعة الاولى.

ب- الشخصية الكوردية، دار موكرياني للطباعة والنشر، (اربيل ٢٠١٣)، الطبعة الاولى.

- ادريس بدليسى، ادريس بن حسام الدين: قانون شاهنشاهى، تصحيح: عبدالله مسعود ارانى، مركز پژوهشى ميراث مكتوب (تهران١٣٨٧)، چاپ اول.

- البدليسي: الامير شرفخان بن شمس الدين بن شرفخان الروژكي (ت- ١٠١٠ه/١٦٠١م)

- شرفنامه، ت: محمد جميل الملا احمد الروزبياني، مؤسسة موكرياني، (اربيل: ٢٠٠١).

- بلعمى، ابو علي محمد بن عبدالله: تاريخ بلعمى، بتصحيح: محمد تقى بهار، انتشارات زوار، (تهران ١٣٨٥).

- بناكتى: فخرالدين ابو سليمان داود بن تاج الدين ابو الفضل محمد: روضة اولى الباب في معرفة التواريخ والانساب (تاريخ بناكتى)، بكوشش: جعفر شعار انتشارات بهمن، (تهران ١٣٤٨).

- بيضاوى، قاضى ابى سعيد عبدالله بن محمد (ت ٦٨٥-١٢٨٦م): نظام التواريخ، به كوشش : مير هاشم محدث، انتشارات امير كبير، (تهران ١٣٦٣).

- التكريتي، محمود ياسين احمد: الايوبيون في شمال الشام والجزيرة، دار الرشيد للنشر، (بغداد ١٩٨١)، الطبعة الاولى.

- جامى، نورالدين عبدالرحمن: نفحات الانس من حضرات القدس، مقدمه وتصحيح و تعليقات: د. محمود عابدى، انتشارات اطلاعات، (تهران ١٣٧٠) چاپ ٤.

- جوزافا باربارو و ديگر: سفرنامه‌هاى ونيزيان در ايران، ترجمه: منوچهراميرى، انتشارات خوارزمى، (تهران:١٣٨١ه. ش)، چ٢.

- الجوينى: علاء الدين عطا ملك بن بهاء الدين

محمد (و- ٦٨١هـ/١٢٨٢م): تاريخ جهانگشاى، دنياى كتاب، (تهران:١٣٧٥ه.ش)، سه جلد.
- حافظ ابرو: شهاب الدين عبدالله بن لطف الله بن عبد الرشيد الخوافى (و-٨٣٤ه/١٤٣٠م)
أ- ذيل جوامع التواريخ، رشيدى، مقدمه و حواش و تعليقات، خانبابا بيانى، شركت تضامنى علمى، (تهران ١٣١٧).
ب- زبده التواريخ، مقدمه تصحيح و تعليقا، سيد كمال حاج سيد جواد، (تهران، ١٣٧٢).
- حمدالله المستوفي: حمدلله بن ابى بكر بن محمد بن نصر المستوفي القزويني (و-٧٥٠ه/١٣٤٩م)
أ- تاريخ گزيده، به اهتمام: عبد الحسين نوائى، مؤسسه انتشارات امير كبير، (تهران:١٣٨١ه.ش).
ب- نزهه القلوب، با اهتمام: گاى لسترنج، دنياى كتاب، (تهران:١٣٦٢هـ ش).
- حيدر لشكري: الكرد في المعرفة التاريخية الاسلامية، دار سبيريز للطباعة والنشر، (دهوك ٢٠٠٤).
- خزرى، حەیدەر: میراتی شووم: وێنەی کوردەکان لە کولتووری تورکیدا، گۆڤاری نووبەهار ئاكادەمی (گۆڤارا ئاکادەمیک ئا خەباتێن کوردی، یان ناڤنەتەوەیی)، سال ۱، ژمار ۱، (ماردین، ۲۰۱٤).
- ابن خلدون: ابو زيد عبدالرحمن بن محمد: تاريخ ابن خلدون، تحقيق: خليل شحادة، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٦.
-خواند مير: غياث الدين بن همام الدين الحسينى (و- ٩٤٢ه/١٥٣٥م): تاريخ حبيب السير فى اخبار افراد البشر، انتشارات كتابخانه خيام، (تهران:١٣٣٣).
-الدواداري: ابوبكر بن عبدالله بن ايبك (ت- ٧٣٦ه/١٣٣٥م): الدرة الزكية في اخبار الدولة التركية، تحقيق: اولرخ هارمان، القاهرة، ١٩٧١.
- زرار صديق توفيق: كردستان فى العهد الجلائري، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق (دهوك:٢٠٠١).
- ابن زركوب شيرازى: شيرازنامه، تصحيح: بهمن كريمى، مطبعه روشنايى، (طهران ١٣١٠).
- السبكي، تاج الدين ابي نصر عبدالوهاب بن علي بن عبد الكافي: طبقات الشافعية الكبرى، تحقيق: محمود محمد الضاحي، عبدالفتاح محمد الحلو (بيروت ١٩٧٠).
- السمرقندي: كمال الدين عبدالرزاق (و- ٨٨٧هـ/ ١٤٨٢م): مطلع سعدين ومجمع بحرين، با اهتمام: عبدالحسين نوائى، كتابخانه گهورى، (تهران:١٣٥٣هـ ش)، جلد ١.
- الشامي: نظام الدين (و- ٨٠٧ه/١٤٠٤م): ظفرنامه، با اهتمام: فلكس تاور، المطبعة الامريكية، (بيروت ١٩٣٧).
- شبانكاره أى: محمد بن على بن محمد (و- ٧٣٣ه/١٣٣٢م): معجم الانساب، تصحيح: مير هاشم محدث، مؤسسه انتشارات امير كبير، (تهران:١٣٧٦هـ ش).
- شوقي جلال: العقل الامريكي يفكر، سنا للنشر، القاهرة، الطبعة الثانية، ١٩٩٧م.
- شيرازى، عيسى بن جنيد: تذكره هزار مزار- ترجمه شد الازار، به تصحيح و تحشيه: نورانى وصال، انتشارات كتابخانه احمدى شيرازى، (١٣٦٤).
- عتبى: ابو الشرف ناصح بن ظفر الجربادقانى(ت ٤٣١ه/ ١٠٣٩): ترجمه تاريخ يمينى مصحح: جعفر شعار، شركت انتشارات علمى، (تهران ١٣٨٢)، چاپ چهارم.
- العمري: شهاب الدين احمد بن يحيى بن فضل الله (٧٤٩ه/١٣٤٨م: مسالك الابصار في ممالك الامصار، الجزء الاول، حققه: احمد زكي باشا، دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩٢٤.
- طهرانى: ابوبكر (و- بعد ٨٨٦ه/١٤٨١م) :كتاب دياربكريه، تصحيح: نجاتى لوغال وفاروق سومر، كتابخانه طهورى، (تهران: ١٩٧٧، ١٣٥٦ه.ش)، چ٢.
ابن الفرات: ناصرالدين محمد بن عبدالرحمن بن علي: تاريخ ابن الفرات، تحقيق: قسطنطين زريق، بيروت، ١٩٣٩م.
- فردوسى، ابوالقاسم منصور بن حسين (ت٤١٦ه/

١٠٢٥م): شاهنامه، نشر هرمس، (تهران ١٣٨٢)، جلد١.
– قادر محمد حسن: اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية، دار سبيريز للطباعة والنشر، (دهوك ٢٠٠٩).
– قزوينى، شرف الدين فضل الله حسين قزوينى (ت ٧٤٣ه/ ١٣٤٢م): التاريخ المعجم فى اثار ملوك العجم، بكوشش: احمد فتوحى نصب، انتشارات دانشگاه، (تهران ١٣٨٢).
– كاشانى، ابو القاسم عبدالله بن محمد: أ– تاريخ اولجايتو، بكوشش: اهتمام: مهين همبلى، انتشارات علمى و فرهنگى، (تهران ١٣٨٤)، چاپ دوم.
ب– زبده التواريخ، محمد تقى دانش پژو، مؤسسه مطالعات فرهنگى، چاپخانه تابش، (تهران ١٣٦٦).
– كربلائى تبريزى، حافظ حسين: روضات الجنات و جنات الجنان، بامقدمه و تصحيح و تعليق: جعفر سلطان القرائى. بسعى و اهتمام: محمد امين سلطان القرائى. انتشارات ستوده، (تبريز ١٣٨٣) چاپ اول.
– محمود كتبى (و– ٨٢٣ه/١٤٢٠م): تاريخ ال مظفر، تصحيح: عبدالحسين نوائى، كتابفروشى ابن سينا، (تهران: ١٣٣٥هـ.ش).
– فضل الله روزبهان : فضل الله روزبهان بن فضل الله الخنجى الاصفهانى (و– ٩٢٧ه/١٥٢٠م)
تاريخ عالم اراى امينى، مصحح: محمد اكبر عشيق، ناشر: ميراث مكتوب، تهران، ١٣٨٢، چاپ اول.
– المسعودي: ابوالحسن علي بن حسين بن علي: التنبيه والاشراف، دار ومكتبة الهلال، (بيروت ١٩٨٨).
– مقدسى، مطهر بن طاهر: افرينش و تاريخ، ترجمه: د. محمد رضا شفيعى كدكنى، نشر اگه، (تهران ١٣٨٠).
– المقريزي: تقيالدين احمد بن علي (ت– ٨٤٥ه/١٤٤١م) – السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمدعبدالقادرعطا، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٩٧).
– مولوى، جلال الدين: مثنوى معنوى، به اهتمام: نيكلسون، انتشارات مولى (تهران ١٣٦٨)، چاپ١.
– مؤلف مجهول: تاريخ ال سلجوق در اناطولى، با اهتمام: محمد جواد مشكور، انتشارات كتابفروشى تهران، (تبريز١٣٥٠).
– مووسا محەمەد خدر: وێنەی کورد لە سەرچاوە مێژووییە فارسییەکاندا، چاپخانەی رۆژهەڵات، (هەولێر ٢٠١١).
– ميرخواند: مير محمد بن سيد برهان الدين خواوندشاه (و–٩٠٣ه/١٤٩٧م): تاريخ روضهالصفا، انتشارات كتابفروشيهاى پيروز، (تهران ١٣٣٩).
– نسوى: نفثه المصدر، تصحيح و توصيح: امير حسين يزدگردى، انتشارات توس، (تهران، ١٣٨٥ه.ش)
– نطنزى: معين الدين المعروف ب (انوئيم اسكندر) (سال تاليف ٨١٦–٨١٧ه/١٤١٢–١٤١٣م): منتخب التواريخ معينى، تصحيح: ژان اوبن، كتابفروشى خيام، (تهران ١٣٣٦).
– همدانى، رشيد الدين فضل الله بن عماد الدوله بن موفق الدوله الهمدانى (ت– ٧١٨ه/١٣١٨م): جامع التواريخ، بكوشش: بهمن كريمى، انتشارات اقبال، (تهران:١٣٦٢ه.ش)، چاپ دوم.
– الهروى: سيف الدين بن محمد بن يعقوب الهروى (ت٦٨١ه/ ١٢٨٢م): تاريخ نامه هراه، بتصحيح: محمد زبير الصديقى، سعى و اهتمام: سيف خان بهادر، كتابفروشى خيام، (كلكته ١٣٥٢).
– اليزدى: شرف الدين على (و– ٨٥٥ه/١٤٥١م): ظفرنامه، تصحيح: محمد عباس، انتشارات امير كبير، (تهران ١٣٣٦).
-Sanjian, Avedis. K. :Colophons Of Armenia Manucrpts,(HarvardUnivrsity), 1969.
Minorsky: Qutub Shah and his peotes. Journal of the Royal Central Asian Society,(J.R.C.A.S.)